

# خشلی مرواری لەگەڵ هەموو ستایلەکاندا دەگونجێ

خشل و ئێکسسوارەکان، تەواوکەری جوانیی جەستە و لەشولارن و لەگەڵ جلەکاندا مۆدێکی ڕێك و جوان دروست دەکەن، بە مەرجێك خشل و ئێکسسوارەکان لەگەڵ شێوازەکانی جلوبەرگدا گونجاو بن. لە تازەترین بەرهەمی مارەکەکانی جیهاندا، گرنگی بە خشلی مرواری لەسەر ئێکسسوارەکان دەدەن، وەك دیمەنێکی خنجیلانە و ناسك تا ببنە ڕەنگدانەوەی بریقەی ترووسکی ڕووناکی، دوای هەڵبژاردنی بەشەکانی جلوبەرگ وەك، جلی سەرەوەی و بەشی خوارەوە، هەروەها پشتێنی نەخشدار و جانتایەکی ناوازە، ئەو کاتە پێویستت بە خشل و ئێکسسوار دەبێ، بۆ هەڵبژاردنی مۆدێکی شیك لە جلوبەرگ و ئێکسسوار، پێویستت بەو کەرەستانە دەبێت، سەرەتا پێویستت بە جانتایەکی ڕەشە کە بە مرواری داپۆشرابێت، هەروەها سەندڵێکی پێست بە خشلی مرواری ڕازاوە کرابێت، دواتر هەوڵبدە لەو جلانە بگەڕێیت کە بە خشلی مرواری لەسەر سینگ و شانەکانیدا چێ کراوە، لە بیریش مەکە کە ئێکسسوارەکانی وەك تەوقەی پرچ و بازن و ملوانکەش ئەگەر بە مرواریەوە هەبوون، بێ دوودڵی بیانپۆشە و ئەنجامەکەشی مۆدێکی شیکی خشلی مرواریت دەست دەکەوێت.



# تێکەڵکردنی شێواز و ستایلی دوو وەرز



بەرەو کۆتایی وەرزی گەرما دەچین، کە لەو وەرزەدا کۆمەڵێك مۆد و ستایلی هەمە چەشن باو بوون، بۆ دووربوون لە گەرما و پۆشینی جلێکی ناوازە لەو کەشەدا، ئەگەرچی گەرمای بەتینی هاوین نامێنێت، بەڵام مانای ئەوە نییە کە راستەوخۆ لە جلەکانی ئەو وەرزە دووربکەویتەوە و لە ناکاو مۆدێکی دیکە بهێنیتەکایەوە، چونکە بەم جۆرە هەڵدانێك لە مودی جلوبەرگت دەردەکەوێ و بەم جۆرە لە نێوان شێوازی پێشوو و تازەتدا تووشی هەڵە دەبیتەوە، نمایشکاری جلوبەرگ (رۆمی ستێگید) دەڵێ: هێشتان ماوەی پۆشینی جلی کراوە و مۆدی وەرزی گەرما ماوە و تا کۆتایی وەرزی پاییزیش بەردەوام دەبێ، بەڵام دەتوانی تێکەڵی نێوان جلەکانی هەردوو وەرزدا بکەیت، بەبێ ئەوەی شێوازی ستایلت بشێوێنیت، وەك ئەوەی تێکەڵی نێوان مۆدی هەردوو وەرز لە شێوازێکی جلوبەرگدا بهێنیتەکایەوە، بۆ نموونە: دەتوانی کراسێکی کراوەی وەرزی هاوین لەگەڵ پانتۆڵێکی تەسکی شێوەی بەدی بپۆشیت، کە یەکێکیان مۆدی وەرزی هاوینەیەو ئەوەی دیکەش پاییزانە، لەگەڵ چاویلکەیەکی هاورەنگی پانتۆڵەکە، لەگەڵ گۆڕینی کەشەکە بۆ سەرما، دەتوانی لە جێگەی کراسەکە، بلووزێکی تەنك بپۆشیت و بەم چەشنە ستایلت بە هێواشی گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

# جلی زەرد بۆ دەرچوون و گەشت

کاتێك کۆمەڵەی دەستە خوشکان پلان بۆ دەرچوون دادەنێن، هەروەها ئەو ئافرەتانەی نیازی گەشت و سەفەریان هەیە، لەو کاتە بە دوودڵییەوە لە جلەکانیان دەڕوانن و نیگەرانیش دەبن لەوەی چ مۆد و جلێك شایستەی گەشت و دەرچوونە، تەنانەت زۆربەی جاریش بەهۆی هەڵبژاردنی جلی هەڵە بۆ گەشت و دەرچوون، دڵخۆش نابن و زۆر جاریش پەشیمان دەبنەوە.

گۆڤاری (ئیللی)ی ئەڵمانی لە دواترین راپۆرتیدا دەربارەی رەنگ و جلە شایستەکان بۆ گەشت و دەرچوون بەمجۆرە رێنمایی خانمان دەکات:

بۆ رامالینی هەستی نەرێنی و سترێس، پێویستە خانمان جلی رەنگ کراوە و شێوە فراوان بپۆشن، کاتێك تۆی خانمیش نیازت دەرچوونە، یان بەرەو گەشتێك بەڕێ دەکەوێت، ئەگەر جلێکی تەسکت لەبەر بێ و رەنگەکەشی کراوە نەبوو، ئەو کاتە لە خۆتەوە بێزاری دەتگرێت و چێژ لە گەشتەکەت ناکەی، هەربۆیە ئامۆژگاری پسپۆڕانی ئەو گۆڤارە ئەوەیە: بەر لە گەشت و دەرچوونەکەت، پێویستە زیاتر لە دەستە جلێك ئامادە بکەیت، شیکترین مۆدی ئەو جۆرە، پێویستە کراوە و فراوان بێت، وەك: کراسی درێژ، قەمیسی کراوە، پانتۆڵی قوماش، بەدی و تیشێرتی مل گەورە، هەروەها لە بارەی رەنگەوە، جوانترین و سەرنجراکێشترین رەنگەکانی جلی گەشت و دەرچوون، زەردە بە هەموو نمرەکانیەوە.



## خاوەن درێژترین نینۆک لە جیهاندا

ئەو ئافرەتەی خەونی بە ناوبانگی خاوەن درێژترین نینۆك دەبینی، ئێستا ئاواتەکەی هاتەدی، ئەو ئافرەتە لە ویلایەتی تیکساسی ئەمریکی دەژی، ناوی (ئەدیانا ویلیامز)ـە و تەمەنی (٣٨) ساڵە، ماوەی (٢٣) ساڵە نینۆکەکانی نەقرتاندووەو هێشتوویەتەوە، ئەو ئافرەتە کاری جوانکاری نینۆکەکان دەکات، خەریکبوونی بە کارەکەی وایکرد کە ئەو بیرۆکەیەی بۆ بێت تا نینۆکەکانی نەبڕێت و بیهێڵێتەوە، نینۆك درێژکردن پێویستی بە خۆراکی تایبەت هەیە کە ڕێژەی زۆری کالیسیۆم و مەگنیزی تێدا بێت، ئەو خانمەش بودجەیەکی بۆ ئەو کارە تەرخان کردووە تا درێژی نینۆکەکانی بگەنە مەترێك، درێژترین نینۆکەکانی پەنجەی ئەو ئافرەتە دەگاتە (٦٩) سەنتیمەتر تەنیا (٣١) سەنتیمەتری ماوە ببێتە مەترێکی تەواو، درێژی نینۆکەکانی ژیانی ڕۆژانەی قورس کردووە، بۆ نموونە کاتێك خۆشووشتنێك دەکات، ماوەی (٣) کاتژمێری پێدەچێ، کە کاتژمێرێکی تەواوی پێویستە بۆ شووشتن و پاککردنەوە و بۆیەکردنی نینۆکەکانی.




## خاوەن درێژترین قاچ یاریزان و نمایشکاری جلوبەرگە

هەندێ لە ئافرەتان، بەشی خوارەوەی جەستەیان، یان قاچیان هێندە درێژە کە جێگەی تێڕامانن، ئەگەرچی ئەو حاڵەتە لە کوردستانیش باوە، بەڵام زیاتر لە کچانی وڵاتانی ئەورووپا بە گشتی و وڵاتی رووسیا بەتایبەتی دەردەکەوێت، ئەو کچە رووسییە ناوی (ئیکاتیرینیا لیسینا)یە، بەهۆی درێژی قاچەکانیەوە ناوبانگێکی دەست کەوتووە و ناویشی لە کتێبی ژمارە پێوانەیی گینس تۆمار کراوە، ئەوەی سەیرە قاچێکی لەوەی دیکەی بە چەند ملیمێك درێژترە، ئیکاتیرینا تەمەنی (٢٩) ساڵە، درێژی قاچی چەپی دەگاتە (١٣٢,٨) سەنتیمەترە و قاچی راستەشی (١٣٢,٢) سەنتیمەترە، بەم چەشنە بەژن و باڵایەکی بەرزی هەیە، هەر بۆیە لەلایەن هەڵبژاردەی رووسیا بۆ یاری تۆپی سەبەتە بانگهێشت کراوە، ئێستا وەك یاریزانێکی ئەو وڵاتە یاری دەکات، جگە لەوەی لە بواری وەرزش ئەستێرەیەکی گەشە، هەروەها بەشداری لە کاری نمایشکاری جلوبەرگ و ماکیاژیش دەکات.







## شایی لێ بوو بە شین!

زۆربەی کچانی دەستگیرندار و ئەوانەی پلان بۆ وێنەگرتنی ڕۆژی هاوسەرییان دادەنێن، مەبەستیانە لە جوانترین کەش و دیمەندا وێنەی خۆیان بە جلی بووکێنی بە تەنیا یان لەگەڵ کاکی زاوا بگرن، ئێستا لەلایەن وێنەگران و فۆتۆگرافەرانی شارەزای وێنەگرتنی هاوسەران کارەکەیان بۆ ئاسان کراوە، کە وێنەگرەکە کۆمەڵێك شوێن و ژینگە دیاری دەکات تا بووك و زاوا وێنەی لێبگرن، ئەو کچە ئەمریکییە بە ناوی (سوی ئەللیگرێتا)، لە شاری ئۆکلاند لە ویلایەتی نیوجێرسی ئەمریکی دەژی، لە ڕۆژی وێنەگرتنی بووکێنیدا، داوای سەر ئەسپ و نێو ئاوی کرد، ئەگەرچی لە لایەن وێنەگرەکەی کە ناوی (ترۆی ئیلۆسك)ـە ڕەتکرایەوە، بەڵام نکۆڵی بووکە خان بەردەوام بوو، دواجار لە نێو گۆمێکی گەورەی ڕووبارێك چەند وێنەکی بووك لەگەڵ هاوەڵەکەی گیرا، دوای ئەوەی گیاندارێکی نێو ئاوەکە گازێك لە ئەسپەکەی بووك دەدات، بووکە لەسەر پشتی ئەسپ و بە جلی بووکێنییەوە دەکەوێتە نێو ئاوەکە، هەر ئەوەش وایکرد کە جلەکانی تەڕ بێت و ئەزیەتیش بە مل و پشتی خۆی بگەیەنێت.

## مۆزەخانە و پیشانگای ژێر ئاو

سەرکێشی لە کاری ناوازەدا بەردەوامە، بیرۆکە سەیرەکان کاتێك جێبەجێ دەکرێن، دەبنە مایەی تێڕامان، ئەوەی لە کەنارەکانی (کانکۆن) لە وڵاتی مەکسیك دەگوزەرێ، جێگەی سەیر و سەمەرە و سەرنجی هەموانە، کاتێك سەردانی ئەو شوێنە دەکەیت، ڕاستەوخۆ پێت دەگوترێت نمایشگەو کەرەستەکانی نێو پیشانگا و مۆزەخانە ببینە، بۆ ئەوەش دەبێت بچیتە ژێر ئاوەوە، پیشانگا و مۆزەخانەی (موسا) دەکەوێتە وڵاتی مەکسیك و لە ژێر ئاودایەو هاوشێوەی هەر مۆزەخانەیەکی سەر زەوی کەرەستە و کەلوپەلەکان دانراون، ئەو بیرۆکەیە لەلایەن هونەرمەندێکی ئەو وڵاتە بە ناوی (جەیسۆن دی کێریس تایلۆر) دروست بووە، تا کارێکی ناوازە بکات، کەلوپەل و بەرهەمەکانی لەژێر ئاودا دادەنێت، کاتێك کەسێك بیەوێت سەردانی مۆزەخانەکە بکات، ئامێری ئۆکسجین و هەناسە هەڵمژینی پێدەدرێت و پاشان دەچێتە نێو پیشانگاکە، جگە لەوەی کەرەستەکانی نێو پیشانگایەکە دەبینێت، هەروەها ماسی و گیاندارەکانی نێو ئاوەکەش لە نزیکەوە بەرچاوی دەکەون.









## فۆتۆگراف

وێنەیەکی پرۆفیشناڵی کچە فۆتۆگرافەری سویدی (مالین فیزهای)یە، ئەو خاتوونە لە دایکبووی ساڵی (١٩٨١)ـەو یەکێکە لە فۆتۆگرافەر و فیلمسازەکانی سوید، دوای ئەوەی بۆ شاری نیویۆرکی ئەمریکی گەشت دەکات، پاشان بەشداری سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ کاری فۆتۆگرافەر دەکات، ئەو وێنەیەی کە ناوی (ڕێورەسمی زەماوەندی ئیریتیرییەکان)ی لێ ناوە، بە ئامێری مۆبایلی ئایفۆن (iphone) و بە خێرایی شەتەری (٢٢٦٢/١) هەروەها (F-stop-2.4) و (Focal Length–4.1mm) و(ISO-5) گیراوە.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

کەسایەتیت جوانەو ڕێگە مەدە کەسانی دیکە کاریگەری لە سەر هەستت بکەن. ئەو بیرۆکانەی هەتە خۆتی پێوە ماندوو بکە، ماوەیەکە هەست بە دڵتەنگی دەکەیت، ئەوە شتێکی کاتییە، بەڵام وریا بە لە ماوەیەکی نزیکدا کەسێك دەیەوێت بێتە ناو ژیانت و لێت نزیك ببێتەوە.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ڕەنگە لەبەر ئەو کێشەیەی پێشووت، بۆ ماوەیەك بێزاریت پێوە دیار بێت، بەڵام باشترە بەهێز بیت و ئەوەی ڕۆیشت لە بیری بکەیت، هێواش و لەسەر خۆبە لە بیرکردنەوە و بڕیاردان، ئەو کارەی بۆ ئەو کەسە نزیکەت ئەنجامت دا سەرکەوتوو بوو.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

کاتێك دەتەوێت کارێك بکەیت، سەرەتا جوان بیری لێ بکەوە و مەهێڵە کەسی دیکە ئەزیەتت بدەن، ئەگەر زانیت کەسێك لە دڵت گرانە، چاکترە لێی دوور بکەویتەوە، هەوڵدانت بۆ سەرکەوتن لە کارەکانت ئەنجامێکی باشی بۆت دەبێت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەو ئاواتەی لە دڵتە وازی لێ مەهێنە و هەمیشە کاری بۆ بکە، ئەو ڕێگەیەی بڕیوتە لێی پەشیمان مەبەوە و هەمیشە چاوت لەداهاتوو بێت، رابردووت هیچ سوودی نابێت بۆ ئێستات، کاتێك بیر لە خۆت دەکەیتەوە، سەیری خاڵە باشەکانیشت بکە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ماوەیەکە دوودڵی لە زۆربەی کارەکانت، هەندێ جار وات لێدەکەن کە سارد ببیتەوەو هیچ هەنگاوێك نەهاوێژی، بیرکردنەوەت بۆ داهاتووت ژیرانەیە و هەمیشە لەگەڵ کاری خۆت بە، ئەگەر ویستت لە کەسێك نزیك ببیتەوە، سەرەتا تاقی بکەوە.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢


خەریکە بە هێواشی کێشەی کارەکانت بەرەو چاکبوونەوە دەڕوات، لەو ماوەیەی ڕابردوو زۆربەی هەنگاوەکانت پڕ گرفت بوون، هەوڵبدە لەگەڵ کەسێك نزیك بیت کە جێگەی متمانەت بێت، کاتێك کەسێکی تازە دەناسی، هەردەم دڵت کراوە بێت.


# پوختەی فیلم

## گیاندارانی شەو - Nocturnal Animals

دڕامایەکی شانۆییە، لە فیلمێکی (١) کاتژمێر و (٥٧) خولەکدا نیشان دەدرێت، باس لە ئافرەتێك دەکات کە خاوەن پیشانگایەکی گەلەرییە، لە ژیانێکی گوندنشین ژیان بەسەر دەبات، دوای جێهێشتنی هاوسەری یەکەمی و شووکردنی بە کوڕێکی بەوەفا و پاك، دوای ئەوەی هاوسەری دووەمی گەشت دەکات و لە ماڵەکەیدا دەستنووسێکی هاوسەری یەکەمی دەدۆزێتەوە، دەستنووسەکە باس لە چیرۆکی مامۆستایەك دەکات کە گەشتێك لەگەڵ خێزانەکەیدا دەکات، لە گەشتەکەیاندا تووشی نەهامەتی بە دەست گیانداران دەبنەوە و ئەزیەت دەدرێن، دەستنووسەکە ئەفسوناوییە، هەر کەسێك بیخوێنێتەوە بەشدار دەبێ لە چیرۆکی نێو نووسراوەکە، فیلمەکە لە نواندنی هەردوو ئەکتەر (ئێمی ئەدامز و جاکی گیلانهاڵ)، و لە دەرهێنانی (تۆم فۆرد)، بودجەی فیلمەکە (٣٠) ملیۆن دۆلار بووە.







## کچە لاواز و بەنازەکەی جیهان

کچانی وڵاتی رووسیا، لە جوانی و ناوبانگی و ناوازەیی بەژن و باڵایان خەڵکی جیهانیان سەرسام کردووە، هەندێکیان وەك بارِبی و بووکەشووشە وان، بەڵام حاڵەتی ئەو کچە ناسکۆڵەیە، بۆتە جێگەی سەرنج و سەمەرەی خەڵك، (سینیا پۆپکینۆ) ئەو کچە رووسییەی کە لاوازترین و بەنازترین مرۆڤ دادەنرێت، تەمەنی (٢٠) ساڵە و هەروەها کێشی جەستەی ناگاتە (٢٠) کیلۆگرام، هەموو ئێسقانەکانی جەستەی دیارە و ئەگەر بەرچاوت بکەوێت، دڵت بۆی دەسووتێت. درێژی باڵای (١٥٨) سەنتیمەترە، بەڵام لاوازی جەستەی وایکردووە کە بە بچووکتر دەربکەوێت و بە لاوازترین کچانی ئەو وڵاتە و جیهان دادەنرێت.



## پەند و وتە

ئەنتوان ماری جەین باپێست رۆگێر کۆمتی دی سانت، نووسەر و رەخنەگر و رۆژنامەنووسی فەرەنسی لەدایکبووی ساڵی (١٩٠٠)ـە و لە ساڵی (١٩٤٤) لە شاری مارسیلیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ئازادی دەڵێ: تەنیا یەك ئازادی شك دەبەم و هەستی پێدەکەم، ئەویش ئازادیی عەقڵە، ئەوانی دیکە ئازادیی دروستکراون و دەچێتە خانەی هەست و ویست.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەست دەکەی دڵت تەنگە و زۆر بیر دەکەیتەوە بەوەی کارەکانت سەر ناگرن، واباشترە دووبارە بەرنامەیان بۆ دابنێی و ئەوەی لە خەیاڵتە بیکە بە راستەقینە و گەشبین بە بۆ ژیانی تایبەتیت. ئەو ماوەیەی داهاتووت ساتە وەختێکی باش دەبێت بۆت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پەلە مەکە لە هەنگاوەکانت، چونکە هەندێکیان پێویستیان بە کاتە و تۆش دەتەوێ زوو بۆت ببن، ژیرانە بیر دەکەیتەوە بۆ ژیانی خۆت بەڵام ماوەیەکە لەگەڵ کەسێکی نزیکت کێشەت هەیە، هەوڵبدە بە ئارامی راستییەکانی تێ بەگەیەنیت تا ئەویش پەشیمان ببێتەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

شێوازی رەفتار و کارەکانت جوانە و مەهێڵە لەم رێڕەوەی خۆی دەربچێت، کاتێك هەنگاوێك بەرەو پێشەوە دەنێت، تووشی گرفت دەبیتەوە و ئەوەش شتێکی ئاساییە، ئەو گرفتانەی نێوان خۆت و کەسی نزیکت چارەسەر دەبن، بەڵام دەبێ هێمن و لەسەر خۆ بیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەندێك لە بیرۆکەکانت جێگەی سوودمەندی تۆ دەبن، بۆ ئەو کاتە پێویستیت بە پشووە، لەگەڵ کەسی خۆشەویستت نەرمتر رەفتار بکە، هەوڵبدە کاتەکانت دیاری بکەیت و لە خۆت مەشێوێنە، بڕیارەکانیشت با دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ بێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

وریای هەنگاوەکانت بە، چونکە ماوەیەکە هەڵەی وا دەکەیت خۆشت بڕوا ناکەیت، ئەو کاتەی پێویستیت بە کەسێکە بە هێمنی تێی بەگەیەنە و هاواری بۆی مەبە، لەگەڵ کەسانی ماڵەوەت رەفتارت نەرمتر بکە و ماوە ماوە پێکەوە دانیشن و کارەکانت دوا مەخە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەر کێشەیەکت هەبێ، بۆ ماوەیەکی کاتییە و دەڕوات، ئەگەر لەم رەفتارانەی خۆت بەردەوام بیت، رەنگە کێشە بۆ ژیانی تایبەتیت دروست بکەیت، هەر کەسێك تۆی نەویست، تۆش ئەوت نەوێت. کارەکانی داهاتووت بەرەو باشتر دەچێت.